# سەری ڕەش لەسیاسەتدا ..

ڕێچکەشکێنی سیاسی داهێنان و بەرهەمە ، هیچ یاسا و ڕێسایەکی دەقگیر نی یە دەکرێ بگۆڕدرێ بەپێ ی بەرژەوەندی سەردەم مایەی چەرخان بێ ، ڕەش سپی دەکا دەتوانێ جارێکی تر سپی ڕەش بکاتەوە . سەرسپی کردن لەسیاسەتدا باو مۆدیلی چاخەکانی کۆنە بەواتا دروستەکەی مانەوە و بەردەوامی زۆر فێربوونە . سەری گەورەی بنەماڵە یا تیرە و هۆز زۆرترین جار بەساڵاچووی تەمەنداری خاوەن تاقیکردنەوەیە لەهەردوو توخمی نێر و مێ شیاوە تا دەسەڵاتی میر-پاشانشینی ئەگەر گەنجیش بێ هەردەم کۆگەلێکی ڕیش سپی و پیاوناسراوانی لەپشتەوە بووە بۆ ڕێنوێنی و چارەسەری گرفتەکان . فەرەنسیەکان دادوەر و سیاسەتمەردارەکانیان کڵاوپرچی سپیان لەسەر دەنا وەک سیمای دانایی لەڕێوەندی فەرمانڕەوایی یا کۆبوونی دەسەڵات و سیاسەت . ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا لەم سەردەمەش خۆی بەڵگەی ڕەهای گرینگی سەرسپیانی تەمەنداری ڕێزدار و بەتوانایە . سەرسپی بوون تایبەتمەندی کەسایەتی و تەمەنی فسۆلۆجی مرۆڤە ڕێژەی گۆڕاوی هەیە لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر لەگەڵ بەساڵداچوون دیاردەیە لەوانەیە هەندێ جار ئارایشتی جوانی بێ بەڵام لەناو زۆرینەیەک سیاسەتمەدار و دەسەڵاتگێڕەکان بەئۆپۆزسیۆنەوەش زۆرتایبەت لەکوردستان بۆ هەستی جوانی دەرکەوتن و مانەوە لەڕووتی گەنجانە بەبیری گەنجانە هاوبارگەی پەندەکوردیەکە دەڵێ: سەرم لەبەر هەتاوا سپی نەکردووە ؟ کۆمەڵێ ڕەمیارەکانمان ئەمجارە لەسیاسەتدا سەریان ڕەش کردووە !

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com